# یەکگرتوو

www.yakgrtu.org

ژمارە (٨٦٦) - دوو شەممە ٢٠١١/١١/٢٨ ز - ساڵی حەڤدەهەم

٣ی (سەرماوەز)ی٢٧١١ی کوردی- ٣ی (محرم)ی ١٤٣٣ی کۆچی - نرخی (٥٠٠) دینارە







5 نوێگەری لەئاینی ئوممەت یان ئاینی ئیسلام

7 کۆچ.. کرانەوەیە بەڕووی دونیادا


11 یادەوەرییە تاڵەکانی رۆژگارێکی خوێناوی

13 شۆڕشی دووەم لە میسر دەستیپێکرد


## پەرلەمانتارێکی پارتی:

# ئەگەری سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان لە کوردستان هەیە..

ئەندامێکی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی، پێی وایە شۆڕشی سوریا کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی هەرێمی کوردستان دەبێت.

(عومەر هەورامی - ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی پارتی) پێی وایە ئەگەری دووبارە سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکان لە کوردستان بوونی هەیە، بەهەمان ئەو هۆکارانەی کە لە پێشوودا خۆپیشاندان بەهۆیەوە کراوە، بەڵام دەڵێ بەهۆی نەبوونی بەرچاوڕوونی تەواو، نازانێ ئەگەرێکی بەهێزە، یان لاواز.

ئەو پەرلەمانتارەی پارتی پێشی وایە کە ئەو راپەڕین و خۆپیشاندانانەی لە وڵاتانی دەوروبەر روودەدەن، کاریگەری لەسەر حاڵەتی سیاسی و تەنانەت ئابوری هەرێمی کوردستان دەبێت، بەتایبەت سوریا، چونکە وڵاتێکی دراوسێیە و سنوری هاوبەشمان لەگەڵی هەیە، ئەمە جگە لەوەی رێژەیەکی زۆر کوردی لێیە، کوردانی کوردستانی رۆژئاواش بەشێکی کارای ئەو خۆپیشاندانانەن.

لە لاپەرە (٣) راپۆرتێک بخوێنەرەوە..

## لەبەر نەگەڕاندنەوەی دەیان پارچە شوێنەواری عێراق

# (بەکر حەمەسدیق) رەخنە لە رێکەوتنێک لەگەڵ بەریتانیا دەگرێت

لەبەرئەوەی زۆرێک لە ئاسەوارەکانی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە دەستی بەسەردا گیراوە و ئامادە نییە بیانگێڕێتەوە، سەرۆکی لیژنەی گەشتوگوزار و شوێنەوار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق رەخنە لە رێکەوتننامەیەک دەگرێت کە بڕیارە لەنێوان عێراق و بەریتانیا واژوو بکرێت.

(بەکر حەمەسدیق - سەرۆکی لیژنەی گەشتوگوزار و شوێنەوار لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق) بە رۆژنامەی یەکگرتووی ڕاگەیاند «لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەراندا داوام کرد ئەو رێکەوتننامەیە واژوو نەکرێت تا شوێنەوارە مێژووییەکان کە لەلای بەریتانیایە بۆ عێراق نەگەڕێنرێتەوە، بۆیە لە دانیشتنی داهاتووشدا بڕیارە قسە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکرێتەوە«.

بەڕێزی وتیشی:»بەپێی ماددەی هەشتی دەستوری عێراقی پێویستە هەر رێکەوتنێک لەسەر بنەمای بەرژەوەندی هەردوولا بێت، ئەمەش لە کاتێکدایە کە ئێستە بە دەیان پارچەی ئاسەواری عێراق لە مۆزەخانەکانی بەریتانیا پێشاندەدرێت، ئێمە پێشتریش لە رێی وەزارەتی دەرەوە پەیوەندیمان بە سەفارەتی عێراقەوە کردووە، بەڵام وەڵامەکەی وەڵامێکی موقنیع نییە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو پارچە شوێنەوارانە«.

# (ئێن ئارِ تی) داوای لێبوردن لە موسڵمانان دەکات

دوای ئەو دەنگۆ و مشتومڕەی لەسەر بەرنامەی «بەبوێری»ی کەناڵی (ئێن ئار تی) دروست بوو و، زۆرێک لە موسڵمانان بە بێڕێزی و رەچاونەکردنی هەستیان ناوزەد کرد، کەناڵی ناوبراو لە میانەی روونکردنەوەیەکدا لەسەر چاوپێکەوتنێکی تری هەمان کەناڵا، داوای لێبوردنیش لە موسڵمانان دەکات.

لە روونکردنەوەکەدا هاتووە «جارێکی تر بینەرانی موسڵمانی کەناڵەکەمان دڵنیا دەکەینەوە کە بەرنامەی (بەبوێری) کە گفتوگۆکردنە لەسەر مەسەلە ئاینییەکان، تەنیا بۆ خزمەتکردن و فراوانکردنی مەوداکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە، ئەگەر لێکەوتەیەکی سلبیش لەو ئەڵقەیە کەوتبێتەوە، کە تایبەت کرابوو بە موعجیزەی قورئانی، ئەوا بێ سێ و دوو بۆ ئەوەش داوای لێبوردنمان هەیە«.

شایانی باسە لە بەرنامەی ناوبراودا لەسەر باسکردنی چەند مەسەلە و چەمکێک لە قورئانی پیرۆزدا، زۆرێک لە موسڵمانانی کوردستان نارەزاییان دەربڕی و داوای کۆتاییهاتنی بەرنامەکەیان کرد.

# ئەمینداری گشتی یەکگرتوو بە ئەندامی دامەزرێنەری کۆڕبەندی ئاشتی و پەرەپێدان دەستنیشان کرا



لە میانەی ئەو سەردانەیدا کە بۆ وڵاتی سودان ئەنجامی دا، (مامۆستا سەلاحەدین محەمەد بەهائەدین - ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان) بەشداری کۆنگرەی گشتی (پارتی کۆنگرەی نیشتمانی دەسەڵاتدار)ی لە سودان کرد، رۆژانی پاشتریش چەندین دیدار و کۆبوونەوەی ئەنجام دا.

پاشان بەڕێزیان بەشداریی کرد لە دامەزراندنی (کۆڕبەندی ئاشتی و پەرەپێدان) کە لە خەرتومی پایتەختی سودان بەڕێوەچوو، تیایدا (مامۆستا سەلاحەدین) وەک ئەندامی دەستەی باڵای کۆڕبەندەکە دەستنیشان کرا..

**راپۆرتێک لە لاپەڕە (٣)دا دەخوێنیتەوە..**

## جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی:

# سەرۆکایەتی پەرلەمانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت

**یەکگرتوو/ ئیبراهیم موراد**

بڕیار وایە کۆتایی ئەمساڵ ئاڵوگۆڕی پۆستە باڵاکانی هەرێم لەنێوان هەردوو هێزی دەسەڵاتدا ئەنجام بدرێت بەپێی ئەو رێکەوتنە ستراتیجییەی کە لە نێوانیاندا هەیە، کە پۆستی سەرۆکی حکومەت لە یەکێتییەوە بدرێتە پارتی و، پۆستی سەرۆکی پەرلەمانیش لە پارتییەوە بدرێتە یەکێتی، بەڵام ئەوەندەی باس لە وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی حکومەت لە یەکێتی دەکرێت، باسی وەرگرتنەوەی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان لە پارتی ناکرێت، کە ئەم دوو پۆستە بە تەوازونی سیاسی دابەش کراون.

(دلشاد شەهاب - جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان) بۆ رۆژنامەی یەکگرتوو وتی:»بەپێی ئەو رێکەوتنەی هەیە لە ماوەی دوو ساڵدا ئەو سەرۆکایەتیانە ئاڵوگۆڕیان پێ بکرێت، بەڵێ وایە، ئەوە لە رێکەوتنەکەدا هەیە«.

هەروەها ناوبراو وتی:»ئەگەر گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتی حکومەتدا بکرێت، ئەوە سەرۆکایەتی پەرلەمانیش گۆڕانکاری بەسەردا دێت».

سەبارەت بەو دەنگۆیانەی کە پێش تەواوبوونی وادەکەی، سەرۆکی پەرلەمان دەست لە کار دەکێشێتەوە، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی کوردستانی وتی:»من هیچ شتی وام نەبیستووە کە دکتۆر کەمال دەست لە کار بکێشێتەوە، چونکە هیچ هۆکارێک نییە بۆئەوەی دەست لە کار بکێشێتەوە، تەنها لە کاتی ئاڵوگۆڕی سەرۆکایەتیەکاندا شتێکی وا هەیە کە دەست لەو پۆستە بکێشێتەوە بۆ سەرۆکی نوێی پەرلەمان».


